# مۆرفۆسینتاکس وەك سەرچاوەییێك بۆ دارِشتنی وشە لە زمانی کوردیدا

ئەم باسە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی
ژمارە (٢٩)ی سالی (٢٠١٤) دا بلاوکراوەتەوە.

زمان دیاردەییێکی مەنگ و وەستاو نییە. سیستەمێکی دینامیکییە. هەرگیز وەك خۆی نامینیَ. هەمیشە ، لە هەموو ئاستەکانیدا (فۆنەتیکی — فۆنۆلۆجی — مۆرفۆلۆجی — سینتاکسی — سیمانتیکی — پراگماتیکی) لە جوولە و گۆڕینێکی بەردەوامدایە . هەندیَ لەو گۆڕینانە خێران و زوو دەرکیان پیَ دەکریَ. هەندیَ لەسەرەخۆن ، دوای چەن نەوەییێك لە ڕێی نووسینە کۆنەکانەوە دەزانرێن و هەستیان پیَ دەکرێت.

دوو هۆ هەیە بۆ گۆڕینی زمان . هۆی دەرەکی کە ئەنجامی کارتێکردنی ژینگەییە . پەیوەندیی بە گۆڕینی باری جوغرافی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە هەیە، و هۆی ناوەکی ئەوەیە زمان لە خۆڕا لە ژێر ڕکێفی دینامیکییەتی یاسا سروشتییەکاندا دەگۆڕیَ . هیچ هێز نییە بتوانیَ ئەم گۆڕینە ڕاگریَ.

لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا ژمارەی وشەکانی هەر زمانیَ لە زیادبووندایە. ژیان بەردەوام دەگۆڕیَ . هەمیشە چەمك و شتی نویَ پەیا دەبیَ و دادەهێنریَ. هەر شتێکی نویَ کە پەیا دەبیَ چ کەرەسەیی بیَ چ ئەندێشەیی ، لەگەلَ پەیابوونیدا ناوێکی لیَ دەنریَ و زاراوەییێکی بۆ دادەنریَ.

سەرچاوە و بنەماکانی دەرکەوتنی وشە و زاراوەی نویَ لە زماندا گەلیَ زۆرن[(١)]. زمانەوانیی گشتی هەولَی داوە پێڕەوەکانی وشە دارِشتن لەزمانا بخاتە ڕوو. بە شێوەییێکی گشتی ئەم چەند پێڕەوە دەسنیشان کراون:

وەرگرتن borrowing – دارشتن coinage – compounds لێکدان – ئەکرۆنیم – blending تێکچڕژان – زیندووکردنەوە – دارشتنەوە back formation – imitation لاساییکردنەوە - ڕێکەوت - هەڕەمەکی.. و زۆری تر.

جگە لەم پێڕەوانە لە زمانی کوردیدا پێڕەوێکی تایبەتی هەیە بۆ دارشتنی وشە (کە پێشتر باس نەکراوە) ئەم پێڕەو و یاسایە لە ڕێی یاسا مۆرفۆسینتاکسییەکانەوە ئەنجام دەدرێ.

ئەم باسە ئەم لایەنەی زمان و ڕێزمانی کوردی بۆ یەکەم جار دەخاتە ڕوو.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕووەی ڕێزمانی کوردی دەبێ یاساکانی دارشتنی پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکی بە کورتی بخرێنە ڕوو.

لە زمانی کوردیدا دوو دەستە ڕاناوی لکاو هەن(٢) :

١ – دەستەی A **( م – ت – ی – مان – تان – یان)**

٢ – دەستەی B **( م – یت – × / ێت /ات – ین – ن – ن)**(٣)

ئەرکەکانیان لەگەڵ کاری تێپەڕدا لەم خشتەیەدا ڕوون کراوەتەوە:

| | ڕابردوو | داهاتوو |
|---|---|---|
| **بکەر** | A | B |
| **بەرکار** | B | A |

**<u>یاسای شوێنی ڕاناوە لکاوەکان</u>**

دەستەی B هەمیشە بە ڕەگی کارەوە دەلکێ....**یاسا ژ١**

دەستەی A بە یەکەمی ئەم بەشانەی ڕستەوە دەلکێ ، بەم ڕیزە:

**بەرکاری ڕاستەوخۆ – بەرکاری ناڕاستەوخۆ – پێشبەند – یەکەم پێشگر – ڕەگی کار...یاسا ژ٢**

دەشێ بەرکاری ڕستە بکرێ بە ڕاناوی لکاو بەم پێڕەوە.

ئەگەر کاتی کارەکە ڕابردوو بوو دەستەی A ئەرکی بکەری دەبینێ. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی B دەکەین. بە پێی کەس و ژمارەی بەرکارەکە ڕاناوەکە وەردەگیرێ و بە پێی یاساکانی شوێن جێگیر دەکرێ.

لەڕستەی:

**ئەوان تۆیان بۆ من هەڵبژارد.**

کاتی کاری ئەم ڕستەیە لە (ڕابردوو) دایە. ڕاناوی لکاوی بکەری (یان) سەر بە دەستەی A یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی B دەکەین. (تۆ) بەرکارە لە دەستەی B دا (یت) بەرانبەریەتی.

(یت) شوێنی (تۆ) دەگرێ و بە پێی یاسا ژ ١ بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ . ڕاناوی بکەری (یان) بەرەڵلا بوو ، بە پێی یاسا ژ٢ گەر بەرکاری ڕاستەوخۆ نەما بە بەرکاری ناڕاستەوخۆوە دەلکێ ، و ڕستەکە بەم جۆرەی لێ دێ:

**ئەوان بۆ منیان هەڵبژاردیت.**

بە هەمان پێڕەو دەشێ بەرکاری ناڕاستەوخۆ بکرێ بە لکاو:

**ئەوان تۆیان بۆ من هەڵبژارد**

کاتی کاری ئەم ڕستەیە لە (ڕابردوو) دایە. ڕاناوی لکاوی بکەری (یان) سەر بە دەستەی A یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی B دەکەین. (من) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە لە دەستەی B دا (م) بەرانبەریەتی.

(م) شوێنی (من) دەگرێ و بە پێی یاسا ژ ١ بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ و ڕستەکە بەم جۆرەی لێ دێ:

**ئەوان تۆیان بۆ هەڵبژاردم.**

ئەگەر هەردوو بەرکار کران بە لکاو . هەردووک سەر بە دەستەی B ن . هەردووك بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێن بەم ڕیزە ( بەرکاری ناڕاستەوخۆ – بەرکاری ڕاستەوخۆ). ڕستەکە دەبێتە:

**ئەوان بۆیان هەڵبژاردمیت**

لە ڕستەی:

**ئێوە گوڵ بۆ ئێمە دەچنن.**

کاری ئەم ڕستەیە (داهاتوو)ە . (ئێمە) بەرکارە ، (ن) ڕاناوی لکاوی بکەرییە، سەر بە دەستەی B یە.

بۆ جێگیرکردنی بەرکار بە ڕاناوی لکاو روو لە دەستەی B دەکەین. کە تیایدا (مان) بەرانبەر (ئێمە) یە.

بە پێی یاسا ژ٢ (یان) بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە دەلکێ و ڕستەکە بەم جۆرەی لێ دێ :

**ئێوە گوڵمان بۆ دەچنن.**

ئەم ڕووەی ڕێزمانی کوردی یەکجار ئاڵۆزە و فرە لایەن و گەلێ یاسا و یاسۆکەی هەیە. لەم باسەدا تەنیا ڕووەکی دەخەینە بەرچاو ، کە داڕشتەی یاسا مۆرفۆسینتاکسییەکان سەرچاوەیێکە بۆ داڕشتنی وشە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیای زمانی کوردیدا.(٤)

یەکێ لەو یاسایانە ئەوەیە دەڵێ:

ئەگەر ئەو ڕاناوەی دوای پێشبەندی (لە) هات کرا بە لکاو :

**یەکەم – لە دەبێتە لێ**

وەك لە ڕستەی:

**ئێمە ئەمە لە تۆ ڕانابینین .**

(تۆ) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە ، کاتی کاری ڕستەکە داهاتووە. (ین) ڕاناوی لکاوی بکەرییە سەر بە دەستەی B یە. بۆ کردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە لکاو ، ڕوو لە دەستەی A دەکەین ، کە تێیدا (ت) بەرانبەریەتی . و بە پێی یاسای شوێن ژ٢ (ت) بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە دەلکێ و (لە) دەبێ بە (لێ) ڕستەکە ئەم سیمایە دەگرێتە خۆ

**ئێمە ئەمەت لێ ڕانابینین.**

لە ڕستەی:

**ئەو کتێبەکەی لە ئێمە وەرگرت.**

کاتی کارەکە ڕابردووە . (ی) ڕاناوی لکاوی بکەرییە سەر بە دەستەی Aیە . (ئێمە) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە. بۆ کردنی بە لکاو ڕوو لە دەستەی B دەکەین کە تێیدا (ین) بەرانبەریەتی. و بە پێی یاسا ژ ١ (ین) بە ڕەگی کارەوە دەلکێ. و (لە) دەبێتە (لێ). و ڕستەکە ئەم سیمایە دەگرێتە خۆ:

**ئەو کتێبەکەی لێ وەرگرتین**

لە ڕستەی:

**ئەوان تۆ لە ئێمە دوور دەخەنەوە.**

کاتی کارەکە داهاتووە . (تۆ) بەرکاری ڕاستەوخۆیە . (ئێمە) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە. (ن) ڕاناوی بکەرییە سەر بە دەستەی B یە. بۆ جێگیرکردنی بەرکاری ڕاستەوخۆ بە ڕاناوی لکاو ڕوو لە کۆمەڵەی A دەکەین کە تێیدا (ت) بەرانبەریەتی. (ت) جێی (تۆ) دەگرێت و بە پێی یاسای شوێن ژ٢ بە بەرکاری ناڕاستەوخۆوە دەلکێ و ڕستەکە دەبێتە:

**ئەوان لە ئێمەت دوور دەخەنەوە.**

لە هەمان ڕستەدا (ئێمە) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە. (ن) ڕاناوی بکەرییە سەر بە دەستەی B یە. بۆ جێگیرکردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە ڕاناوی لکاو ڕوو لە کۆمەڵەی A دەکەین کە تێیدا (مان) بەرانبەریەتی. (مان) جێی (ئێمە) دەگرێت و بە پێی یاسای شوێن ژ٢ بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە دەلکێ و (لە) دەبێتە (لێ) ڕستەکە دەبێتە:

**ئەوان تۆمان لێ دوور دەخەنەوە.**

ئەگەر هەردوو بەرکارەکان پێکەوە بکرێن بە لکاو. بە پێی یاسای شوێن ژ ٢ هەردوو ڕاناوەکان (ت) ی ڕاستەوخۆ و (مان) ی ناڕاستەوخۆ ، بەم ریزە (بەرکاری ناڕاستەوخۆ – بەرکاری ڕاستەوخۆ ) ، بە پێشبەندەکەوە دەلکێن و ڕستەکە ئەم سیمایە دەگرێتەخۆ:

**ئەوان لێمانت دوور دەخەنەوە.**

**دووەم – لەگەڵ هەندێ کاردا ، (لە) دەبێتە (تێ).**

لە ڕستەی:

**ئێوە ئاگرتان لە ئێمە بەردا .**

کاتی کارەکە لە ڕابردوودایە. (تان) ڕاناوی بکەرییە سەر بە دەستەی A یە (ئێمە) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە، بکرێ بە لکاو ڕوو لە دەستەی B دەکەین کە (ین) بەرانبەریەتی . (ین) شوێنی (ئێمە) دەگرێ و بە پێی یاسای شوێن ژ١ بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ . و (لە) دەبێتە (تێ) و ڕستەکە ئەم سیمایە دەگرێتە خۆ.

**ئێوە ئاگرتان تێ بەردا ین.**

لە ڕستەی:

**تۆ ئاگر لە ئەو بەردەدەیت.**

کاتی کارەکە لە داهاتوودایە . (ئەو) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە. (یت) ڕاناوی بکەرییە سەر بە دەستەی B یە. بۆ جێگیرکردنی (ئەو) بە ڕاناوی لکاو ڕوو لە دەستەی A دەکەین کە تێیدا (ی) بەرانبەریەتی. بە پێی یاسای شوێن ژ٢ (ی) بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە دەلکێ ، و (لە) دەبێتە (تێ) و ڕستەکە دەبێتە:

**تۆ ئاگری تێ بەردەدەیت.**

**سێیەم – پێشبەندی (بە) دەبێتە (پێ).**

لە ڕستەی:

**تۆ بە ئێمەت وت:**

کاتی کارەکە ڕابردووە. (ئێمە) بەرکارە. (ت) ڕاناوی بکەرییە ، سەر بە دەستەی A یە. بۆ جێگیرکردنی بەرکار بە ڕاناوی لکاو ڕوو لە دەستەی B دەکەین ، کە تێیدا (ین) بەرانبەریەتی. بە پێی یاسا ژ١ (ین) بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ ، و (بە) دەبێتە (پێ) . ڕستەکە ئەم سیمایە دەگرێتە خۆ:

**تۆ پێت وتین.**

لە ڕستەی:

**ئەوان بەتۆ دەنازن.**

(تۆ) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە. (ن) ڕاناوی بکەرییە سەر بە دەستەی B یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی A دەکەین کە تێیدا (ت) بەرانبەریەتی. بە پێی یاسای شوێن ژ١ ، بە پێشبەندەکەوە دەلکێ ، و (بە) دەبێتە (پێ) و ڕستەکە بەم جۆرەی لێ دێ:

**ئەوان پێت دەنازن.**

ئەم پێڕەوە بۆتە سەرچاوەیێ بۆ بواری وشەسازی لە زمانی کوردیدا. لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ژمارەیێکی زۆر وشە بەرچاو دەکەون کە لە ئەنجامی سەپاندنی یاسا مۆرفۆسینتاکسییەکان وشەی تر دادەڕێژرێن . وەك (لێدان – تێگەیشتن – تێهەڵدان – پێگەیاندن – پێکردن ) بەم هەنگاوانە:

**لێدان**

**تۆ لە ئەوت دا — لێت دا — لێدان**

**ئێوە لە من گەڕان — لێم گەڕان — لێگەڕان**

**من لە ئەو کۆڵیمەوە — لێم کۆڵییەوە — لێکۆڵینەوە**

**لێوەشانەوە --- ئەو لە تۆ وەشایەوە – لێت وەشایەوە — لێوەشانەوە**

**تێگەیشتن**

**من لە تۆ گەیشتم — من تێت گەیشتم – تێگەیشتم**

**ئەوان لە من گەیشتن — تێم گەیشتن — تێگەیشتن**

**تێهەڵدان**

**تۆ لە ئێمەت هەڵدا -- تێت هەڵداین — تێهەڵدان**

**ئەو لە منی گەیاند — تێی گەیاندم — تێگەیاندن**

**دەستی لە ئاوەکە وەردا — تێی وەردا -- تێوەردان**

**پێگەیاندن**

**تۆ منت بە ئەو گەیاند — تۆ پێت گەیاندم — پێگەیاندن**

**من و تۆ بە یەك هاتین — من و تۆ پێك هاتین — پێكهاتن**

**پێكردن**

**خەڵووزەكە بە ئاگر بكە — پێی بكە — پێكردن**

ئەمەی خوارەوە بەشێكن لەو چاوگانەی بەم پێڕەوە داڕێژراون:

| لە — لێ | لە — تێ | بە — پێ |
|---|---|---|
| لێكردن | تێگرتن | پێزانین |
| لێكردنەوە | تێگوشین | پێسیاردن |
| لێكۆڵینەوە | تێگەیشتن | پێشكان |
| لێچوون | تێگەیاندن | پێكەنین |
| لێدان | تێوەردان | پێكهاتن |
| لێهاتن | تێخزان | پێكهێنان |
| لێوەشانەوە | تێكوتین | پێكردن |
| لێگرتن | تێنان | پێچوون |
| لێوردبوونەوە | تێهەڵكێشان | پێكهێنان |
| لێراهاتن | تێهەڵدان | پێچوون |
| لێوەشان | تێروانین | پێكەوتن |
| لێگەران | تێكەوتن | پێگرتن |
| لێكدانەوە | تێكدان | پێگەیاندن |
| لێهەڵپێچان | تێئاڵان | پێگەیین |
| لێزانین | تێرامان | پێكەوە بوون |
| لێوەستان | تێخزین | پێناسین |
| لێكەوتن | تێچوون | پێگەیشتن |
| لێخشان | تێبەردان | |
| لێخشاندن | تێخورین | |

## پەراوێزەکان

١ – بۆ زانیاری لەبارەی ژیانی وشەوە سەیری ئەم وتارانەم بکەن:

**وریا عومەر ئەمین** (١٩٨٨) فەرهەنگی ناوی دەنگەکان و یاسایێکی ڕێزمانی. ڕ. پاشکۆی عێراق ژ ٣٥ ی ١١/٥/١٩٨٨.

________(٢٠٠٧) نـژادی نـاوی ئەمـەریکا. ڕ. بـەدرخان. ژ ٨٥ ی ٢٢/٣/٢٠٠٧. لـە کتێبـی (پیتۆکەکانی زمانەوانیدا) ل ١٣٩ – ١٤٠ دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

______(٢٠٠٧) جیهانی وشە. ڕ. بەدرخان. ژ ٨٥ ی ٢٢/٩/٢٠٠٧.

لە کتێبی (پیتۆکەکانی زمانەوانیدا) ل ١١٨ – ١٢١ دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

٢– کرمانجیی خواروو.

٣ – کەسـی سـێیەمی تـاك لەگـەڵ کـاتی ڕابـردوودا بـەمۆرفیمی سـفر دەردەکـەوێ. واتـا لـە ڕووکەشا هیچ فۆرمێکی فیزیکی نییـە. لەگـەڵ داهـاتوودا بـەم دوو فۆرمـە خـۆی دەردەخـا (ێت/ ات) .

ئەگەر رەگی ڕابردوو بە ( ۆ ــ ـە ) کۆتایی هاتبێ ، بـە (ات) دەردەکـەوێ. ئەمـە هەشـت کـار دەگرێتەوە کە لەم چاوگانەوە وەردەگیرێن ( خواردن / خۆ – ڕۆیشتن / ڕۆ – شوشتن/ شۆ – بردن / بە – دان/ دە – خستن/ خە – کردن/ کە – گەیشتن / گە) .

بۆ ئەم یاسایە سەیری سەرچاوە ژ ٣ ل ٦٣ بکەن.

٤ – بۆ سەرتاپای یاساکانی ڕێزمانی ڕاناوی لکاو سەیری سەرچاوە ژ ١ و ٣ بکەن.

## سەرچاوەکان


١ – **وریا عومەر ئەمین** (١٩٨٦) ڕێزمانی ڕاناوی لکاو. بەغداد ١٩٨٦.

٢ – ________(١٩٨٦) پاشبەندەکان. گ. کۆڕی زانیاریی عـێراق – دەسـتەی کورد . ژ١٥. ل١٨٢– ١٩٣.

3 - Amin, W.O.(1979) Aspects of the verbal construction in Kurdish. SOAS .London University. Published by Kurdish Academy. 2011 Publishing series No. 114.

4 – Fromkin, V. et al.(2003) An Introduction to Language. Thomson. USA.

## ملخص البحث

**اشتقاق الكلمات بالقوانين الصرفنحوية في اللغة الكوردية**

لجميع اللغات قوانين لصياغة واشتقاق الكلمات. بعض هذه القوانين شاملة وبعضها خاصة. الكلمات الجديدة وباستمرار تضاف الى مفردات اللغة. الالسنية العامة حددت العديد من هذه القوانين، منها الاشتقاق الصرفي والصياغة والتركيب والاعارة والامتزاج والصياغة الارتجاعية والاكرونيم ..الخ.

من خلال هذا البحث تم اكتشاف قواعد صرفية لصياغة الكلمات عن طريق التراكيب الصرفنحوية خاصة باللغة الكوردية، غير مذكورة او مطروقة في مجال الالسنية والدراسات اللغوية العامة والخاصة.

هذا البحث يلقي ضوءا على هذا الجانب الخفي من قواعد اللغة الكوردية.

## Abstract

Morphosyntactic Construction as a Source for Word Formation in Kurdish.

All human languages exhibit rules of word formation. Some of these rules are universal and some are specific. New words are continuously added to the vocabulary of languages in a variety ways. General linguistics has identified many rules of word formation.

Words may be added to a language by the presses of Derivational Morphology, Coinage, Compounds, Borrowing, Blending, Back Formation, Acronyms …etc. All are among the rules by which new words are formed and added to a language.

Through out this research it is found that Kurdish language exhibits a previously unmentioned type of morphological rule by which new words are formed through the Morphosyntactic processes construction.

This paper introduces this new found specific aspect of Kurdish language.